KURDISTAN



# بابەت و نووسراوەکانی

## هاوڕێ حەلیمە ڕەسووڵی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێرست:


١- چۆڵ بوونی دەنگ و ڕەنگی ژنان لە سیاسەت دا ........................................................ ٣

٢- دەمامککردنی شوناسی منی ژن ........................................................................ ٨

٣- کێشە هەنووکەییەکانی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان و پێشنیازەکان ...................................... ١٠

٤- پێویستیی فیمینیزە بوونی هزریی چالاکانی ژن ....................................................... ١٢

٥- با ژنان دەنگ نەدەن بە پیاوانێک کە یاسایان لە دژی دادەڕێژن ....................................... ١٦

٦- پرسی ژنی کورد لە ئێران و لێکدانەوەی بارودۆخی خەباتی ژنان ....................................... ١٩




# چۆڵ بوونی دەنگ و ڕەنگی ژنان لە سیاسەت دا

لە سەدەی بیست و یەکەم دا مۆدێلی کۆمەڵگای پیاو سالار لە دنیا دا چی دیکە باوی نەماوە و خوازیارانی ئەم مۆدێلە کارکردنە بە بەردەوامی ڕێژەیان کەم و کەمتر دەبێتەوە. لەم سەردەمە دا بەشداری ژنان لە پانتاییە جۆراوجۆرەکان دا بۆتە باسێکی گرینگ و بە پێی بۆچوونی خاوەن ڕایان گەشەی کۆمەڵگا بەبێ گەشە و بەشداریی نیوەی ئەندامانی کۆمەڵگا سەقەت و ناتەواوە. بە بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا قازانجێکی گەورە بە هەمووان دەگات و هێزی چاکسازی بەهێزتر دەبێت. ئەگەر بمانەوێت بە جۆرێکی دیکە باسەکە بێنینە گۆڕێ و بنەماڵەیەک لەبەرچاو بگرین بەم جۆرەی لێدێت کە ئێمە هیچ کات ناتوانین بنەماڵەیەک بدۆزینەوە کە ژن یان پیاوی تێدا نەبێ بەڵام گەشە بکات. بە واتایەکی دیکە بنەماڵەیەکی ئاسایی پێویستی بە بوونی ژنێک و پیاوێک هەیە بەو هۆیەکە لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە هەریەک لەوانە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن و دەتوانن تایبەتمەندیەکانی یەکتری تەواو بکەن و دواتر کۆمەڵگا تەکمیل بکەن. ئەم باسە دەتوانێ لە گۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەر و لە حیزبێکی سیاسییش دا هەر وابێت و بۆ سەرکەوتن پێویستە کە کەڵک لە تایبەتمەندی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەربگیرێ. ڕێکخراو، و حیزبە سیاسیەکان ئەگەر نەتوانن لە هێز و پتانسیەلی هەردوو ڕەگەز کەڵک وەرگرن بێ گومان تووشی گرفت دەبن. ئاڵوگۆڕەکان لە دەیەکانی ڕابردوودا بوونەتە هۆکارێک کە ئەو ڕاستیە دەربکەوێ کە بوونی ژنان لە سیاسەت دا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. لێرەدا بە پرسیارێک وتارەکەم درێژە پێدەدەم بەڕاستی ئامانج لەبوونی ژنان لە جیهانی سیاسەتدا و بە تایبەتی لە تروپکی دەسەڵات دا چیە؟

زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە زانستی سیاسەت وەک زۆربەی زانستەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەپێی خواستی پیاوان بناغەکانی داڕێژراوە و هەر بەوپێیەش بەڕێوە دەچێ. بەڵام بەپێی بنەمای یەکسانیی دووڕەگەز پێویستە ژن و پیاو پێکەوە سیاسەت ئیدارە بکەن . هاوکاری کردن بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی ئیدەئال هەمووانی پێویستە بەهەر دوو ڕەگەزەوە بەڵام زیاتر سازدانی وەها بەستێنێک دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتمەدارانێک کە هەستیان بە بۆشایی لەو خانەیەدا کردوە و ئەوان پێویستە بۆ بەرابەریی ڕەگەزی لە بیاڤی بڕیاردان داو بردنەسەری ڕێژەی ژنانی بەتوانا و سازدانی سیمایەکی نۆرماڵ، ڕەوتێکی ڕوو بە هەڵکشان لە ڕێژەی ژناندا وەڕێ بخەن. جێگای

ئاماژەیە کە سیاسەت بەگشتی و سیاسەتی کوردی بەتایبەتی چی دیکە لە بەرژەوەندی دا نییە کە لە تیۆری سیاسەتی کلاسیک کەڵک وەربگرێ. بەو پێیە کە ئەم تیۆرییە، شێوازێکی جیاکارانەیە و تێیدا ژێر دەستەیی ڕەگەزی مێ دەبێتە فشارێکی گەورە بۆ سیاسەتمەداران،چونکە ئەم کارە لەگەڵ باوەر و بنەماکانی ئازادی یەک ناگرێتەوە. شیاوی گوتنە کە بۆ گۆرینی هاوکێشەی دەسەلاتی ژن و پیاو لە کۆمەڵگە دا نابێت تەنیا ژنبوون وەک ڕەگەز لەبەر چاو بگیرێ لە پێناو مۆدێرن کردنی سیما و ڕوخساری دەسەلات دا ، بەڵکوو ژنانێک پێویستە بێنە پێشەوە کە هۆشیار و ئاگا و بە توانا بن. لە قۆناغی دواتر دا ئەرکی سیاسەتمەداران دەگۆڕێ و ئەوان دەبێ لێکدانەوە لەسەر بەسوود بوونی ئەو هەنگاوە بکەن و ڕادەی قازانجی بوونی ژنان لە پۆستە سەرەکیەکاندا شرۆڤە بکەن.

### چاوەڕوانی لە خوودی ژنان لەم پێناوەدا چیە؟

تا ئێستا بۆمان دەرکەوتوە کە ڕێژەیەک لەو ژنانەی کە لە دەسەلات دان و وەک ژنێکی سەرکەوتووی سیاسی ناویان دەبرێ کەسانێکن کە سیاسەت کردنیان کۆپیی سیاسەتی پیاوانەیە و هیچ چەشنە بۆچوون و زاتی ژنانە لە شێوازی سیاسەت کردنیان دابەدی ناکرێت کە ئەمەش دە بێتە هۆی لاوازیی کاری سیاسیی بەشێک لەو ژنانە. ئەمە لە کاتێک دایە کە ئەوان دەتوانن پێکهاتەی سیاسەت بەرەو خواستەکانی ژنانەی خۆیان بەرن و سیاسەتی نوێ لە پێکهاتەی سیاسی دا دابرێژنەوە.

کاری سیاسیی فەرمی بریتییە لە پێناسەیەک لەژێر سەردێری «لۆژیکی پێکهێنان» بەو واتایە کە لەسیاسەتی فەرمی دا ئامانجی سیاسی ساز دەکرێ. هەر بۆیە ژنان بەسانایی دەتوانن پێکهاتەیەکی داڕێژراوی سیاسی بگۆڕن. ئەوان دەبێ لەنێو حیزبەکانیان دا لە بەرامبەر ئەو لەمپەڕانەی کە بەرگری دەکەن لە بەشداربوونی ژنان لە پرۆسە سیاسییەکان دا ڕاوەستن و نابێ بێڵن کە لێکدانەوەی هەڵەیان لەسەر بکرێ. زۆر جاران بۆچوونی پیاوانەی ژنان بە نیسبەت خۆیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بیروڕایان لە سیاسەت دا بە هێند وەرنەگیرێ کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری پەروەردە کردنی ژنانێک کە قەبووڵیان کردوە، هەموو کات پاشکۆ بن و نەچنە پانتایی بریاردانەوە و بەم جۆرە ژنان لە قۆناغی «دواکەوتوویی پەروەردەیی» دا دەمێنێتەوە و بەردەوام بەرنامەو پرۆگرامەکانی پیاوان جێبەجێ دەکەن. بۆیە تەنیا ژنبوون وەک ڕەگەز لە سیاسەتدا چارەسەری کێشە نییە. ژنان دەتوانن ببنە ئەهرۆم گەلێکی

کاریگەر بۆ وەرێ خستنی سیاسەتی عادیلانەو ئاشتیخوازانە لە ترۆپکی دەسەڵات دا کە ئەوەش خاڵێکی گرینگە کە پێویستە ببێتە بنەمایەک بۆ نیشاندانی هزری ژنانە کە هزرێکی چارەنووسسازە لە نیزامی سیاسەت کردن دا.

ئەوان دەتوانن چی دیکە نەهێڵن کە وشەی دیموکراسی ببێتە تەپلی نێو بەتاڵ لە پێکهاتە سیاسیەکان دا. بەگشتی کاتێک کە ژن کەڵک لە هێژمونیی سیاسەتی خۆی وەربگرێ دەتوانی خوڵقێنەری دنیایەکی بەدوور لە هێرش و ململانێی ناسالم و توندوتیژی بێت. پێویستە ژنان پێناسەیەکی دیاریکراویان لە تیۆری سیاسەت و سیاسەتی پڕاکتیزەکراو هەبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە چالاکانی ژن دەبێ ئەوە بزانن کە چالاکی لە بیاڤی ژناندا بەردەوام بەستراوەتەوە بە پرسە سیاسیەکان. بەو هۆیەکە کاتێک ژنانی چالاک باس لە گۆڕینی یاسایەک دەکەن ڕاستەوخۆ ئاماژە بە پێکهاتە سیاسیەکان دەکەن، لە واقیع دا ئەوان داوای گۆڕینی پێکهاتەیەک دەکەن کە ئەمەش ئەمرێکی سیاسییە. لەهەر شوێنێک و لەهەر کۆمەڵگایەک دا بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەت دا پێویستە. فیمینیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێویستە ژنان لە کاری سیاسی دا بەشدار بن و لەهەمان کاتیشدا پیاوانیش بەشداربن لەکاری ناوماڵدا، واتە کاری ژیانی تایبەتی.

**بەواتایەکی دیکە فیمینیزم داواکاری تێک شکاندنی پەرژینەکانی نێوان تایبەتی و گشتییە!**

**چەند هۆکارێک بۆ دوورە پەرێزیی ژنان لە سیاسەت:**

**چەند هۆکارێک کە بوونەتە هۆی دوورەپەرێزیی ژنان لە سیاسەت بریتین لە:**

- نەبوونی متمانە بەخۆبوون و ترسان لە دەربڕینی بیروڕای خۆیان کە هۆکارێکە دەچێتەوە بۆسەر شێوازی پەروەردە لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا.

- بێگانەبوون لەگەڵ کەشی سیاسی و بەهی خۆیان نەزانین و بێ ئەنگیزەیی لە بەشداری لە سیاسەتدا.
- متمانە نەکردن بە تواناییەکانی خۆیان.



سەرچاوە
Serchawe

- کەم ئەزموونی کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە، لەئاستی ناوەندی دا بەرپرسایەتیی پێ نەبووە و ئەمەش هۆکارێکە کە کەم ئەزموون بێت لە ئاستی سیاسەتی کەلان دا.

- بیانووی ئەوەکە هەڵسەنگاندنی سیاسیان لاوازە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو راستییە کە ئەو ئیمکان و دەرەتانەی لەبەر دەستی پیاوان دابووە بۆ فێربوون و بەرپرسایەتیی بەکردەوەو بنەما فکرییەکان، هیچیان لەبەردەستی ژن دا نەبوون.

دیارە ئەم خاڵانەی کە ئاماژەیان پێ کرا مەرج نییە لە کەسایەتی هەموو ژنێکدا خۆ بنوێنێ.بەو هۆیە کە هەر ئەو خاڵانەی کە ئاماژەیان پێدرا، لەلایەن هێندێک لە ژنانی نوخبە و بەتواناوە هێڵی سووریان بەسەردا هاتوە و ئەوان توانیویانە خۆیان بە هەمووان بسەلمێنن و بەڵام لەم پێناوەدا ماندووبوون و کاری زیاتر پێویستە. ژنانی خاوەن توانا و لێهاتوو دەبێ هەوڵ بدەن و پارێزگاری بکەن لە مافی دەربڕینی خواستەکانیان، چونکە مافی دەربڕینی بۆچوونی ژنانە مافێکی دیموکراتیکە و پێویستە ڕەچاو بکرێت. ئەوان پێویستە هەوڵی زیاتر بدەن بۆ بردنە سەری ئاستی زانیاریان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان لەسیاسەت دا و هەوڵ بدەن لەپێناوی پێداچوونەوە و چاکسازی و گۆڕینی هزرو تێگەیشتنە هەڵەکان و شکاندنی بەربەستەکان. ئەوان پێویستە ببنە پاڵپشت و زەمینەساز بۆ بەشداریی زیاتری ژنانی دیکە لە سیاسەتدا و هەوڵ بدەن بۆپەردەلادان و ڕوومال کردنی لێهاتوویی ژنان کە تا ئێستا بەشاراوە ماونەتەوە.

### لەکۆتایی دا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەمە دەکەمەوە کە:

حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان دەبێ هەست بەمە بکەن کە ئەوان ڕێژەیەک لە دەنگی مەشروعیان لەلایەن ژنانەوە پێ دراوەو بەشێک لە متمانەی سیاسیان لە کۆمەڵگای جیهانی دا پەیوەندی بە بەشداریی ژنان لەنێو ڕێکخراوەکەیان دایە. ئەوان دەتوانن هەوڵ بدەن لە پێناو سالم ڕاگرتنی سیستمی دابەشکردنی دەسەڵات و بەرگری کردن لە مۆنۆپۆڵ کردنی هێز لە لایەن گرووپ یاخود کەسانێکی تایبەتەوە کە ئەمە ئەرکێکی زۆر گرینگە. حیزبە سیاسیەکان ئەرکی سەرەکیان لەپێناو جەزب و کۆکردنەوەی ژنان بەرەو پرۆسە سیاسیەکان لەسەر شانە. ئەوان دەبێ بەبەرنامەو پلانی کاریەوە هەنگاو بنێن و دەرفەتەکان بۆ ژنان ئاوەڵاتر بکەن کە ئەم کارەش دەبێتە هۆی

شەفافبوونیان و دەرخەری ئەمە دەبێ کە ئەوان نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەن بەبێ هەڵاواردن و لە پەراوێز خستن. هەروەها پێویستە کە ئەندامانی خۆیان لە گرنگیی یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا وشیار بکەنەوە. هەروەها خاڵێکی دیکەی گرینگ ئەوەیە کە مکانیزمێک بدۆزنەوە کە کاتێک ژنان ئەرکی بەرپرسایەتیان قەبووڵ کردوە، پشتیوانییان لێبکرێت، واتە میکانیزمی پشتیوانی بۆ هاندان وبەردەوام بوونی ژنان لە پۆستە سەرەکییەکان دا پێک بێنن. بێ گومان پڕکردنەوەی چۆڵایی دەنگ و ڕەنگی ژنان لە سیاسەتدا، ئیرادە و ویستی دەویت و بەردەوامی دەخوازێ.

لە ژمارە ٥٩٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان وکورد - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

---



# دەمامککردنی شوناسی منی ژن

ژنانی کورد بە درێژایی مێژوو ،و بە بەردەوامی لە سەر پێناسە کردنی شوناس و دۆزینەوەی واقیعی خۆیان تووشی قەیران و ئاستەنگی قورس و گران هاتوون، کە ئەم خۆ نەدۆزینەوەیەش زەرەری پێ گەیاندوون. بنەماڵە و کۆمەڵگە و دەسەڵات سێ فاکتەری سەرەکین بۆ چەوساندنەوە و زەرەرمەند بوونی ژنانی کورد. لەم وتارەدا هەول دەدەم بە کورتی باسی ئەوغەدرانە بکەم کەلەسیستەم و دەسەڵاتێکی سیاسی و پیاو سالاری کۆمەڵگەی کوردیدابە سەر ژناندا سەپاون.

کێشەی ژنان تا ئێستاش هەروا بە ئالۆزی ماوەتەوە، ئەگەرچی لە لایەن کەسانێکی دڵسۆزەوە باسی دەکرێ و دەورووژێنرێت بە لام بەو حاڵەش گرفتەکان هەر دێن و رِوولە زیاد بوونن. کۆمەڵگە کارێکی کردوە کە ژنی کورد نەتوانێ خاوەنی شوناس و کەسایەتیی خۆی بێت، هەربۆیە لە زۆر حاڵەتدا پاشکۆی پیاو بووە. رێگا پێنەدان بۆ دۆزینەوەی شوناس ئەمرێکی داسەپاوێ کۆمەڵگەی پیاوسالارە. بەڵام کارەساتترین حاڵەت ئەمەیە کە ئەم کۆمەڵگە بێ بەزەییە وای کردوە کە ڕێژەیەک لە ژنان بڕوایان بە پرسەکەی خۆیان نەبێت و کاری بۆ نەکەن.

ئەگەرچی سڕینەوەی شوناسی ژنان، سروشتی زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە مرۆڤبوونی ژنیان تواندۆتەوە وهۆشیاریی پیاویان لەسەر ئەم پرسە سڕو چەقبەستوو کردووە دەسەڵاتی ژن بە نەگۆڕی کەوتۆتە ژێر رکێفی ئایدۆلۆژیای پیاوسالار و باڵادەست، بەڵام جیاوازییەک کە ژنی کورد لە ژنانی نەتەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەمەیە کەژنانی کورد دوو جار تووشی ئاپارتاید و چەوسانەوە بوون، چەوسانەوەی نەتەوەیی بەهۆی کورد بوونەوە لە لایەن هێزی سەردەست و چەوسانەوە لە لایەن کۆمەڵگەی پیاوسالارەوە.

لێدان، بە تالان بردنی مرۆڤایەتی و رووخاندنی کەسایەتی، کڕین و فرۆشتن، ژن کوشتن و تەشەنەکردنی خۆکوشتنی ژنان ، بەردبارانکردن... هەمووئەمانەو بە دەیان و سەدان نموونەی دیکە دەگەڕێتەوەبۆ واقیعی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەکەمان کە تێیدا بەزۆر هۆکار ئازادی تەنیا لە نێوان پیاواندا بەش کراوە وکۆمەڵگەکەمان نە بەباشی رێکخراوە و نە کۆنترۆڵیش کراوە و پێشکەوتوویی و شارستانیەت نالێم بە شێوەی ڕەها بەڵام دەڵێم

بۆمان نامۆن! پێناسەکردنی خۆمان لە بەر ئاوێنەی مێژوو بە هەزاران دەمامکمان بۆ وێنا دەکات کە بەسەرماندا بە زۆر یان خود لە رووی ناوشیارییەوە هەڵکشاون. هەتا ئەو چرکە ساتەش نەبوونی هۆشیاری وای کردوە کە هەموو ئەمانە ببن بە دیاردەیەکی زۆر ئاسایی. ئەگەر سەیرێکی جیهانی سیاسەت بکەین و هیندێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە دەبینین کە بە پێی بۆچوونی فیمینیستەکان تا دواییەکانی ساڵەکانی ١٩٦٠ و سەرەتاکانی ١٩٧٠ سیاسەت زۆر پیاوانە بووە و پیاو سنوورەکانی ژیانی ژنی دیاری کردوە بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چی؟ ئێستاو پاش تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر لە و بۆچوونە لە کوردستان و لە نێو حیزبەکاندا بۆچی پێگەی لاوازی ژنان لە سیاسەت دا ناکەوێتە ژێر پرسیارەوە و بەرپرسان خۆی لێدەدزنەوە؟ جێگای ژن لە کوێی سیاسەتی کوردی دایە؟ ئەم ژمارە ژنەی کە هاتوونەتە ئاستی سەرەوە ی دەسەڵات لە حیزبەکاندا تا چەندە توانیویانە لە و فەزایەدا جیگەی خۆیان پتەو بکەن و گۆڕانکارییەکی پێشکەوتنخوازانە بێننە ئاراوەو هێزو قودرەتی ژنانە بنوێنن و ببنە جێگای هومێد بۆ باقی ژنان! بەداخەوە کاتێک کە باس لەگرفتەکانی ژن دەکرێت پیاوە سیاسییەکان خۆیانی لێدەرباز دەکەن و دەیگێڕنەوە بۆ کۆمەڵگە. ئەگەرچی باش دەزانن بێ تاوان نین، پیاوە سیاسییەکان بە جۆرێک مانیفێستی سیاسەتیان داڕشتوە و سیاسەتیان مۆنۆپۆل کردوە کە دەبینین ئەو ژنانەی کە ئێستاکە لە دەسەڵات دان زۆربەیان ئەگەر بێت و ملکەچی پیاوانی نێو حیزبەکە یان نەبن، هەر زۆر زوو لە پەراوێز دەخرێن. پیاوانی سیاسی هەموو هەولیاون داوە کە کەسایەتییەکی دەسکرد لە ژنان ساز بکەن. کەسایەتییەکی ژێر دەستە و سیاسەتێکی خاڵی لە ژن واقیعی حاشا هەڵنەگری سیاسەتی کوردییە. پرسی چاکسازی و پەروەردەو پێگەیاندن کە زۆر جاران گوێبیستی دەبین، پێم وانیە بێتە دی هەتا ئەو کاتەی کە خودی ژنان هۆشیار نەبنەوەو بیر لەو بەها و بایەخە ئەخلاقی و سیاسیانە نەکەنەوە کە لەبەرژەوەندی ژناندان و پێویستە لەکۆمەڵگەو دەسەڵاتدا بێنەگۆڕێ. دیموکراتیزە کردنی سیستمێکی سیاسی پێویستی بە چاکسازی هەیە، بەڵام بۆ چاکسازییش پێویستە پلان و پرۆژەی کاری لە بەر دەست دابێت. تا زەمانێک پرۆژە نەبێت باس لە چاکسازی لە چوار چێوەی قسە و دروشم دا دەمێنێتەوە. ئاوەژووکردنەوەی ڕاستیەکان لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نیە، سیستمی سیاسی تا ئەوکاتەی بە شێوازی عەقلییەتی سوننەتی کۆمەڵگە سەیری رۆڵی ژنان بکات هیچ کات بڕیارو یاساکان ناتوانن یە کسانی و بەرابەری لە نێوان ژنان و پیاوان دا دابین و مسۆگەر بکەن. بەو هیوایەی کە ژنانی سیاسی کە کەمینەی مەیدانی سیاسەتن هەول بدەن لە پیناوی گۆڕینی وتارو بڕیاری سیاسی بە قازانجی هاورەگەزەکانیان و چی دیکە پاشکۆی بڕیاری سیاسیی پیاوان نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان وکورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٢

# کێشە هەنووکەییەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و پێشنیازەکان

ماوەی چەندەها ساڵە کە باس لە کێشەکانی ژنان دەکرێ و لە لایەن شارەزایانی بواری ژنانەوە دەستنیشان دەکرێن و دیالۆگیان لەسەر دەکرێ. بۆ هەمووان روون و ئاشکرایە کە کێشەکانی ژنان کێشەی سەرەکیی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و هەتا ئەو کێشانەش چارەسەر نەکرێن ناتوانین باس لە ئازادیی کۆمەڵگا بکەین، جیا لە مانەش دەزانین کە زۆربەی هەرە زۆری نەهامەتییەکانی ئێمەی ژن هەر لە بناغەوە بە هۆی سیستمی زاڵی کۆمەڵگاوە واتە سیستمی پیاوسالارو سەرەڕۆوە خوڵقاون. ئەگەر سەیری ئێستا و ڕابردووی خۆمان بکەین دەبینین کە ڕێژەی تاوان، کوشتن، دەستدرێژی و توندوتیژی، خۆسوتاندن، لەشفرۆشی، خەتەنەکردن و ئیعتیاد بەمادە هۆشبەرەکان و بە دەیان خەساری دیکە بەردەوام روولە زیاد بوون دایە و برینەکان نەک بە گوێرەی پێویست سارێژ نابنەوە بەڵکوو قووڵ و قووڵتر دەبنەوە. دەرەنجامەکان و ئەو باس و خواستانەی کە لە سەر دۆزی ژن دەکرێ کەم و زۆر سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و خاڵی سەرەکیی کێشەکان دۆزراوەتەوە. لێرەدا دەمەوێ باس لەو تەوەرە بکەم کە بۆ باش بوونی ئەم بارودۆخە و کردنەوەی گرێ کوێرەکان پێویستە چی بکرێ و ئەگەر پرسێک بە ناوی بزووتنەوەی ژنی کورد لە ئارا دایە چەندە خواست و چاوەڕوانیەکانی ژنانی بە ئەنجام گەیاندوە. بە هۆی خەفەقانی سیاسی و فەزای پۆلیسی لە کوردستان دا، دەور گێڕانی چالاکانی ژنان زۆر ئەستەمە. هەر بۆیە بە باوەڕم میکانیزمی بەردەوامیو کۆڵنەدان پێویستە و کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی ژنان ئەگەر بێت و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا چالاکی بنوێنن دەرفەتی هەڵسووڕانیان باشتر بۆ دەڕەخسێ، هەڵبەت لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و بە ژنانی ڕیزەکانی ئەحزاب و بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکانیشەوە، بەواتایەکی ترئەگەر حیزبەکانی کوردستان نەیانتوانیوە لە دەوری ستراتیژیەکی هاوبەشی کوردستانی و لەژێر چەترێکی هاوپەیمانی دا کۆ ببنەوە ئەوە ژنی کوردە دەبێت پێشەنگ وهاندەر و ڕێگەخۆشکەری هاودەنگی بێت. حاشا لەوە ناکری کەچالاکانی مەدەنی و کەسانی غەم خۆر و دڵسۆز چ بە تاک و چ بە کۆ هەن و کار دەکەن و تا ڕادەیەک داواکانیان بەرز دەکەنەوە. بۆ نموونە ئەو رۆڵەی کەچالاکانی ژنان لە پاش ئەو تاوانە قێزەونەی کە بەسەر سوومەیە کچە خوێندکاری خەڵکی بۆکان ماوەیەک بەر لە ئێستاهات گێڕایان، هەنگاوێکی بوێرانە بوو. شیاوی باسە کە سومەیە ئەو کچە بوو کە رۆژی ٥ شەممە ڕێکەوتی ١٢ی ئاوریلی ٢٠١٢ی زایینی بەرابەر بە ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی لە پارکی



سەرچاوە
Serchawe

ساحلیی شاری بۆکان تەرمەکەی دۆزرایەوە. بەپێی هەواڵەکان ماوەی حەوتوویەک سومەیەی خوێندکاری تەمەن ١٨ ساڵان دیار نامێنێت و ناچێتەوە مالی خۆی تا سەرەنجام لە پارکی ساحلیی بۆکان تەرمەکەی دەبیندرێتەوە و ئاسەواری دەستدرێژی و پاشان خنکاندنی لە سەر دیار دەبێت. پاش ئەو ڕووداوە ڕەخنە و گازندەی چالاکانی ژن لە ئاست دەسەڵاتدا! بوو بە هۆی دەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە لە ئاستێکی بەربڵاوی میدیایی دا، بەڵام فشارو قورسایی نەبووە بۆ سەر دەسەڵات لە کوردستاندا. دڵنیام ئەگەر ئەوکارەی کە لە لایەن ژنانی چالاکی بۆکان کرا لە باقی شارەکانی دیکەی کوردستانیش لە لایەن ژنانەوە بە شێوەی ڕێپێوانێکی فراوان پشتیوانی لێکرابا زۆر دەسکەوتی باشتری بە دواوە دەبوو. هەڵسوراوانی ژن و بزووتنەوەی ژنان پێویستە نەریتی کاری هاوبەش و هاودەنگ بوونیان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان پتر لە ڕابردوو بێت و بە یەکرێزی کەلێن و بۆشاییەکانی نێوان خۆیان پڕ بکەنەوەو رەوشێکی تازە بگرنەبەر. دیارە کە بۆ هەموو ئەمانەش هەر وەک ئامازەم پێدا سەبرو بەردەوامی پێویستە بەو هۆیەکە لەو ڕێگایەدا هەر وەک تا ئێستاش دیتراوە چالاکانی ژن لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ سەرکوت و گوشارێکی زۆر بەرەوروو بوونەتەوە و زۆر جاران ڕاپێچی بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی کراون. زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاریەوە تا ئێستاکە بەردەوامە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کۆماری ئیسلامی بڕوای بە یەکسانیی ژن وپیاو نییە و هەرگیز دانی بە مافەکانی ژن دا نەهێناوەوهەمووکات هەوڵی پەراوێز خستنی ژنانی داوەو وتا ئێستاش بڕیارەکانی کۆنوانسیۆنی جیهانی دژ بە چەوسانەوەی ژنانی ئیمزا نەکردوە. کەواتە لە وەها بارودۆخێکدا بوونی ژنانی ئازادیخواز و فیمینیست و بە ورە و یەکدەنگ و بە دوور لە پەرتەوازەیی لە بەرانبەر ئاستەنگەکاندا ئەمرێکی پێویستە. لە کۆتایی دا جەخت لە سەر ئەمە دەکەمەوەکە بە هاودەنگیەوە ژنان دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەرتریان هەبێت و بێ گومان ئەمەش لە بەرژەوەندی خەبات و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دایە.

لە ژمارە ٥٨٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان وکورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

# پێویستیی فیمینیزە بوونی هزریی چالاکانی ژن

بەربەرەکانی لە گەڵ هێژموونیی وتاری پیاوانە و هەڵسو کەوتی پیاوانەو دروشمی پیاوانە لە سەر ژنان و بیرو بۆچوونەکانیان، ئەرکی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان بەگشتی و ڕێکخراوەکانی ژنان بە تایبەتییە کە لە هەوڵی سڕینەوەیان دابن و نەهێڵن چیدیکە لە گەڕدابن. ڕەنگە ئەگەر ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی یان بزووتنەوەکانی دیکە وەک بزووتنەوەی کرێکاری و خوێندکاری و هتد دیالۆگ و گوتاری ژنتەوەرانەیان نەبێ و کار نەکەن بۆ نەهێشتنی دیالۆگی پیاوتەوەرانە زۆر جێگای ڕەخنەو ڕامان نەبن، بەو هۆیە کە تا ڕادەیەک ئەو بزووتنەوانە لە پاوان و ژێر دەسەڵاتی پیاوان دان. بەڵام ژنانە بوون و بیری فێمێنیزم و فێمینیست بوون یەکێکە لە ڕێگا چارەسەریەکانی دۆخی ئێستاکەی ژنان لە کوردستان. بەو هۆیە کە تێڕوانینی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان چ لە رووی ئایینی و یاسایی و کلتوورییەوە تێروانین وعەقڵییەتێکی پیاوانەیە، هەر بۆیە زەروورەتی بوونی بزووتنەوەیەکی ژنان بە باوەڕ و جیهانبینیی قووڵی فێمێنیستییەوە بۆ باشتر کردنی وەزعییەتی ژنان هەست پێدەکرێ.

فێمێنیزم باوەڕی بە مافی ژنان و دابینبوونی یەکسانیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی نێوان ژن و پیاو هەیە، کە وابێ پێویستە شۆڕشی ژنانی کورد بۆ وەدەست هینانی بەرابەریی ماف لە کۆمەڵگایەک دا کە پڕاوپڕە لە سەرەڕۆیی وچەوسانەوە و نایەکسانی، لە چوارچێوەی سەمبۆلیک بێتەدەرێ. پێشکەوتنخوازی بەڵام لەجۆری رووکەش و کارتۆنی واتە لەدەرەوە ئەمرۆیی و مودێرن و لەناخەوە ملکەچیی عورف و عاداتی سوننەتی، پێناسەی ژنێکی فێمێنیست و چالاکیکی بزووتنەوەی ژنان نییە. بوونی پاڕادۆکسی هزری لە بەرژەوەندی شۆڕشی ژناندا نییە و بە جۆرێک مەترسی دەخاتە سەر ویستی سەرەکیی ژنان. ژنی کورد خاوەنی هەر جۆرە بۆچوون وجەهەتێکی فکری سیاسی بێت دەتوانێ ژنێکی فیمینیست بێت چونکە فێمێنیزم لەهەموو دنیادا خاوەنی فورمۆلێکی کاریی دیار و روونە و ڕەوتێکی دیموکڕاتیکە کە جێگەو پێگەی تایبەتی هەیە. بیری فیمینیستی، شێوە ژیان و جیهانبینیی فیمینیستی بێ گومان بەرەو ژیان و گوزەرانێکی ئاسوودەترمان دەبات. ئەگەر چی بێچم و ڕگ و ڕیشەی نیزامی پیاوسالاری و کێشەی چەوسانەوە بە بۆنەی ژێندەرەوە تەنیا تایبەت بە کۆمەڵگای کوردستان نییە و لە هەمان کاتیشدا بە هیچ

وڵات و کۆمەڵگەیەکی دەست نیشانکراونەبەستراوەتەوە، بەڵکوو ئەمە دیاردەیەکە کە لە جیهاندا و لە مێژووی مرۆڤایەتیداڕیشەی کۆنی هەیە و تائێستاش هەر بەردەوامە و جاری واشە لەو پەڕی دڕەندەیی دا خۆی دەنوێنێ و مرۆڤایەتی دەباتە ژێر پرسیارەوە. بۆ نموونە بڵاو بوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی هێرش کردنە سەر کچێکی ٢٣ ساڵەی خوێندکار لە وڵاتی هێندوستان لە پاسێک دا لە لایەن ٦ پیاوەوە و دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر ئەو و پاشانیش گیان لێستاندنی لەم دواییانەدا ئەو ڕاستتیە زیاتر دەسەلمێنێ. ئەگەرچی ٤٠٠ ساڵ بەر لە زایینیش ویستوویانە یاساگەلێک دابڕێژن کە ژنیش جێگەی لە کۆمەڵدا هەبێ بەڵام هیچکات بەو جۆرەی کە دەبێ وەدی نەهات و لە بەرامبەردا پیاوان هەر لەو سەردەمەوە تا ئێستاکە مەیدانێکی بەرفراوانیان لە بەردەست دابووە و گوێشیان لە بەرامبەر زاڵە و نەهامەتییەکانی ژنان دا کپ و کەڕ بووە. بەڵام بە هاتن و سەرهەڵدانی بیری فیمینیستی کە داخوازەکانی بریتین لە ئازادی و داوای مافەکانی ژنان، بەشێکی زۆر لە ژنان بە جۆرێک وەخۆ هاتنەوە. دیارە هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی بزاڤی فیمینیستیەوە تا ئێستاکەش هێندێک لە ژنان و پیاوان بە هەڵە لەم دەستەواژەیە تێگەیشتوون و پێناسە و لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکەن و پێیان وایە کە چەمکی فیمینیزم بە واتای ژن سالارییە کە ئەم ڕوانینە لەبەشێک لە ژنانی کوردیشدا تا ئێستاش هەر هەیە! ئەم بۆچوون و ڕوانگەیە زۆر هۆکاری هەیە کە یەک لەوان هەمان بیرو نەریتی ناوچەیی و سوننەتیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکەمان دایە کە لادان لەم نەریتانە بە هەڵە و گوناح دەزانن.

فێمینیزم هیچ کات بە واتای ڕق و بێزاری لە پیاوان یا خود ژن سالاری نەبووە، بەڵکوو ئامانجی ئەو ئاسایی کردن و ڕاگرتنی بالانسێکە کە ئێستێ بە لای پیاواندا شکاوەتەوە. بۆچوونی کلێشەیی دژەپیاو بوونی فیمینیستەکان زیاتر لە لایەن کەسانێکەوە شۆڕدەبێتەوە نێو بیرو ڕای گشتی کە جێبەجێ بوونی ویستەکانی فیمینیستەکان بە تێکچوون و رووخانی دەسەلات و پێگەی خۆیان دەزانن هەر بۆیە بەردەوام لە هەوڵی چەواشەکردنی ئەو تیۆرییەدان. ئێمەی ژنانی کورد و بە تایبەتی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان جیا لە وەی کە پێویستە بیروڕای خۆمان فیمێنیزە بکەین لە سەرمانە کە ئەو تێگەیشتنە بدەین کە فیمینیستەکان بەردەوام لە هەوڵی سڕینەوەی ئەو بیروڕایانەدان کە دەڵێ بە هۆی جیاوازیی بیۆلۆژیکییەوە ژنان مرۆڤی پلە دوون و کار و رۆڵیان لە چوارچێوەی بەرتەسکی ماڵ دا دەبینرێتەوە. تێگەیشتنێک دەبێ بخولقێ کە چی دیکە برەو بەو حەساسیەتەی کە لە کۆمەلگاکەمان دا سەبارەت بەو وشەیە هەیە نەدرێ و ژنی فێمینیست بە بێ دڵەڕاوکێ بڵێ من فێمینیستم و داواکاری کۆمەڵگایەکم کە تایبەتە بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و بە مافی بەرابەر و یەکسانەوە و من فیمینیستم

نەک دژە پیاو! مرۆڤە واقعبیینەکان بەردەوام لە یەک کاتدا هەردوو نیوەی پڕ و بەتاڵی لیوان دەبینن و یەک لایەنە بڕیار نادەن و لێکدانەوە ناکەن. ژنانی خاوەن هزری فێمینیستیش و پیاوان و ژنانی غەیرە فێمینیستیش پێویستە ئەمە ڕەچاو بکەن و بە بڕیاردانی یەکلایەنە،نەبنە هۆی زیان گەیاندن بە جووڵانەوەی یەکسانیخوازانە و پێشکەوتووخوازانەی ژنی کورد. ژنی کورد و چالاکی ژنان چی دیکە نابێ وەک پیاو بدوێن، وەک پیاو بیر بکەنەوە، وەک پیاو هەڵسوکەوت بکەن، بیری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریمان با ژنانە بێت و ببینە هۆکاری مانا بەخشینی ژنانە بە کۆمەڵگەکەمان.

ژنانی چالاکی بزووتنەوەی ژنان پێویستە هۆشیار بن و هەول بدەن خۆیان لە هێندێک لەو باسانەی کە پێیان دەگوترێ نۆرم و بەها بەڵام زیانبارن، دەرباز بکەن، ئەگەرچی لەوانەیە لەم پێناوەشدا پێویست بێت زۆر باجی قورس و گرانیش بدەن و ناچار بن تانە و لۆمەی دەوروبەریش تەحەممول بکەن، بەڵام بۆ گەیشتن بەهەر ئامانجێک ئیرادەیەکی پۆڵایین پێویستە. کە توانیمان بیرمان فێمینیزە بکەین بە دڵنیاییەوە دەتوانین خۆمان لەو بازنەیەش دەرهاوێین کە لە مێژساڵە مێشکمانی پێ پڕکراوە و تێیدا بە دەوری خۆماندادەسووڕێینەوە و خول دەخۆین. باچی دیکە کاری ئاسایی و مافی حەقیقی و حوقووقیی خۆمانمان پێ عەیب و شەرم و ئابڕووچوون و گوناح و... نەبێ و ئەو کۆت وبەندەی کە بنەماڵەو یاساو دەسەڵات بۆی دەستنیشان کردووین بترازێنین و چی دیکە کۆیلەی دەستی ئەم بیر و باوەڕە کۆنانە نەبین. چالاکی ژنان دەبێ بوێر و پێشەنگ بێت جا دەتوانێ نوێنەرایەتیی ژنانی دیکە، لە پێناوی چارەسەر کردنی گرفتەکان و پیکهێنانی ریفۆرم دا بکات. کە وابوو ئێمە دەبێ لە فێمێنیزم بۆ چارەسەرکردنی زۆر لە گرفتە سەرەکییەکانمان کەڵک وەرگرین هەڵبەت بە دوور لە دوگم بوون و دەمارگرژیی زیادی. سیمۆن دۆبۆڤوار لە کتێبی ڕەگەزی دووهەم دا دەڵێ: سەرکەوتنی ژنان لەم شۆڕشەدا کە دەبێ بیکەن هیچ کات بەواتای زالبوونی ئەوان بەسەر پیاواندا نییە بەڵکوو لە ئاکامدا دەبێ ببێتە هۆی یەکسانیان لە گەڵ پیاوان کە تامی شیرینی ئەو سەرکەوتنە نەک هەر ژنان بەڵکوو ناخی پیاوانیش شیرین دەکات.

جیا لە هەمووی ئەمانە بەربەرەکانی لەگەڵ تەوژمی توندو تیژی و ئازارو ئەشکەنجە و سەرکوت و ئێعدام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا - کە خەباتی ژنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی گرینگی لە بەرامبەر سەرکوت و گوشار و زەبرو زەنگەکانی کۆماری ئیسلامیدایە - چالاکان و بزووتنەوەیەکی سازماندراو و هاودەنگ و فیمینیستی ئەوتۆیان دەوێت کە لە ڕێگای تێکۆشان دا بە تیۆرییە فیمینیستیەکان بتوانن بەچڕی

خواستەکانی خۆیان بێننە بەرباس و گرینگی بە بارودۆخی ئێستای ژنان بدەن و بتوانن سەرنج و بیروڕای جیهانی بۆ لای خواستەکانی خۆیان ڕابکێشن. پێویستە ژنی کورد ئاوڕێک لە دەوروبەری بداتەوە و بڕوانێ کە بە هەزاران ژنی غەیرە کوردی چالاکی بواری ژنان بە کەڵک وەرگرتن لە زاراوەی فیمینیزم کە هەوێنی کارەکانییانە باس لە کێشە و گرفتەکانیان دەکەن.

لە کۆتایدا پێویستە بگوترێ کە پەیدابوونی بزووتنەوەی فێمینیستی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەرهەمی جموجۆڵێکی بەرفراوانی کلتووری و سیاسی بوو کە تائێستاش بەردەوامە. سەرەڕای زۆر دەستکەوتی بەرچاوی ئەو بزووتنەوەیە تا ئێستاکەش ئەم خەباتە بە تەواوی بە ئامانجەکەی نەگەیشتوە و توندوتیژی لە بەرامبەر ژناندا لە هەموو دنیا شتێکی باوە. بۆیە ئەم کەیسە هەرواکراوەیە و ژنانی فیمینیست نابێ بێڵێن ئەم بزووتنەوەیە لاواز بێت و دەبێ تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ گەشانەوەی بزووتنەوەکە وەگەڕ بخەن.

لە ژمارە ٦٠١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان وکورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٣

---






سەرچاوە
Serchawe

## با ژنان دەنگ نەدەن بە پیاوانێک کە یاسایان لە دژی دادەڕێژن

ئەگەرچی ئەمساڵ و لە بەرەبەری یازدەیەمین خولی هەلبژاردنی سەرۆککۆماری دا جۆریک بێدەنگی لە لایەن چالاکانی بزووتنەوەی ژنانەوە هەست پێدەکرێت بەلام ئەم بێدەنگییە رەنگە لە ناوەرۆکی خۆیدا ڕەخنەیەکی گەورەبێت لە یەکدەست بوونی کاندیداکان و یەک جنسی بوونی ئەوان ژنان لە ئێران لە ماوەی هەشت ساڵ سەرۆککۆماری مەحموودی ئەحمەدی نیژاددا زۆر یاسایان لە دژی پەسند کراو کە ئەم یاسایانە بە کردەوەش کاریان پێکرا. ئەمساڵیش کاندیداکانی ئەم پۆستە لە پروپاگەندەکانییاندا بەردەوام نەقشی دایکی چاک و هاوسەری باش و ماڵدارێکی بە ئیمان لە ژنان وێنا دەکەن و چەمکێکی وەک فیمینیسم بە بیرۆکەیەکی رۆژئاوایی وەسف دەکەن کە بۆ کۆمەڵگای ئێران نەشیاوە کەوابوو هیچ بەرنامەیەکی دڵخۆشکەر بۆ ژن لە ڕیزی بەرنامەکانی دەوڵەتی داهاتوودا نابینرێ. ئەگەر ئاورێک بدەینەوە لە برگەو مادەکانی یاسای کۆماری ئیسلامی دەبینیین کە لە ئەسڵی ١١٥ یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا وشەی رجل بە واتای پیاو وەک کەسایەتی سیاسی هاتووە کە بەپێی ئەو مادەیە سەروک کۆمار دەبێ پیاوبێ، پیاوێکی سیاسەتمەدار و باوەڕمەند بە مەزهەبی رەسمیی ولات کە شیعەی دوازە ئیمامییە خاتوو ئەعزەمی تاڵەقانی سکرتێری کۆمەڵگای ژنانی کۆماری ئیسلامی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی بۆ ئەوەی کە روونی بکاتەوە کە پێناسەی ئەو وشەیە لەو بەندەی یاسادا بە چ واتایەکە خۆی بۆ سەروک کۆماری پالاوت، بەلام لە جیدا لە لایەن شورای نیگەهبانەوە رەدی سەلاحییەت کرا. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٤یشدا بۆ جارێکی دیکە ئەو خانمە لەگەڵ ٨٩ ژنی دیکە خۆیان کاندید کرد کە هەموویان دیسان ڕەدی سەلاحییەت کرانەوە. هەرچەندە ئەوان لە بەرامبەر ئەو هەلوێستەی کۆماری ئیسلامیدا لە بەر دەرکەی دەفتەری سەروککۆماری دا کۆبوونەوەیەکی ڕەخنەییان رێک خست، بەلام هیچ وەلامێکیان پێ نەدرایەوە.

ئەم ساڵیش لە بەربەری هەڵبژاردنی یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەروک کۆماریدا ١٢ ژن بۆ خۆپالاوتن ناونووسیان کرد. بەلام ئەمجارەیان تەنانەت لەلایەن شووڕای نیگابانەوە هەر رەدی سەلاحییەت نەکران، بگرە سووکایەتیشیان پێ کرا.

ئایە تولا محەممەد یەزدی، سەرۆکی پێشووی دەزگای قەزایی‌و ئەندامی ئێستای شوڕای نیگابان، لەم پێوەندیەدا ڕایگەیاند ئەم ژنانەی کە بەربژێری سەرکۆمارین وەک ئەو کەسانە دەچن کە لە ئاوایی ڕایانناگرن، بەلام لە ماڵی کوێخا دەپرسن.

ناوبراوگوتبووی یەکێک لەم ژنانە گوتوویەتی ئەگەر من ببمە سەرکۆمار، نیوەی کابینەکەم لە خانمان‌و نیوەکەی دیکەش لەپیاوان پێک دێنم. ئەوە لەحاڵێک دایە کە قانوون ڕێگە بەژنان نادا ببنە سەرکۆمار، ئی‌دی ئەم کەسە لەئێستاوە چۆن پێکهاتەی کابینەکەشی دیاری کردووە؟

لە ولاتێک دا کە حکومەتێکی دێموکڕات دەسەلاتدار بێت بێ گومان نەقشی ژن و پێگەی ژن و ڕۆڵی ژن لە هەمووشتێک دا بەرچاو دەکەوێت و لە پرسێکی چارەنووس سازی وەک هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریشدا ژنان دەوریان دەبێ و بەم جۆرە کۆمەڵگا بەرەو ئازادی و دیموکڕاسی و دابین بوونی مافی بەرابەر دەبەن. بەلام لە ئێران دا کە ژنان لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا شان بە شانی پیاوان بەشداریان کرد بە و هیوایەی کە ولاتێکی ئاوەدان تر بە مافی زیاترەوە ساز بکەن تا ئێستاس لە زۆر بوواردا و یەک لەوان پرسی بوون بە سەرووککۆمار هیچیان پێنەبڕاوە، ژنانێک کە لە بوارە ئابووری و کۆمەلایەتی و زانستییەکاندا هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە، پێگەیان لە کوێی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و بە چەندە دەسەلاتەوە؟ لە ماوەی ٣٥ ساڵ دەسەلاتداریتی کۆماری ئیسلامی دا تا بە ئێستا کە بارووذۆخێکی گونجاو بۆ ژنان لە رووی سیاسی و کۆمەلایەتیدا نەخولقاوە و، و پرسیار ئەوەیە کە هێلی هز رو ئەندێشەی ژنی ئێرانی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ زوڵم و نابەرابەری لە کوێ و چەند ساڵی دیکە بۆ ئەوە دەبێ کەلکی لێوەربگیردرێت. دەنگ دان و هەڵبژێردران دوو مەسەلەی تەواو لێک جیاوازن لە ئیران ژنان مافی دەنگدانیان هەیە بەلام مافی خۆ پالاوتنیان بۆ پۆستێکی سەرەکی وەک سەرۆککۆماری نییە کە ئەمە لە ناوەڕۆکی خۆیدا بێ ڕیزییەکی یەکجار گەورەیە بە ژنان و ژنی ئێرانی دەبێ هەستی پێ بکات و بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم یاسایەو هەموو یاسا دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامی بزووتنەوەیەکی تۆکمەو گشتگیر وەڕی بخات و بەردەوام لە حاڵی خەباتدابێ و چیتر لە فانتازیای دیموکڕاسی لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژی و کلتووری ئەم نیزامەدا قەتیس نەمێنن. کۆماری ئیسلامی دواکەوتوویی خۆی بۆ هەمووان وێنا کردووە و هیچ شتیکی شاراوەی نییە، کەوابوو دەنگی ژنان هیچ گۆڕانێک بە قازانجی ویسەکانیانی تێدا نییە و تەنیا و تەنیا ڕەوایی پێدانە بە دەسەڵاتی ناعادیلانەی ڕژێم و درێژ کردنەوە ی تەمەنی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرە.

ژنی ئێرانی دەبێ بیسەلمێنێ کە لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی بڕیاردانەدا و لە پۆستە سەرەکی و چارەنووس سازە کانداده توانێ ڕۆڵی هەبێت و بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگ دان نیشانی بدەن کە ئەوان تەنیا ئەبزار و کەرەسەیەک نیین بۆ پڕ کردنەوەی سندوقەکان و بەڵکوو شایستەی ئەوە بوون کە هەڵبژێردرێن و هەڵیان بژێرن و بەم جۆرەی نایەکی دیکە بڵێن بە نیزامی کۆماری ئیسلامی و چی دیکە پیاوانێک هەڵنەبژێرن کە دواتر یاسای دژی ژن گەڵاڵە دەکات و دایدەبەزێنی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان وکورد - ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٣



سڵاوو ڕێز لە بنەماڵەی تێکۆشەر حەلیمە ڕەسووڵی

# پرسی ژنی کورد لە ئێران و لێکدانەوەی بارودۆخی خەباتی ژنان

**پرسی ژن ئەمڕۆ یەکێک لە پرسە سەرەکیەکانی جیهانەو بەردەوام چالاکانی ژنو چالاکانی مافی مرۆڤ هەوڵ دەدەن بۆ کەم کردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزیەکانو کەلێنی نێوان ژنو پیاو. بەڵام بە داخەوە لە ئێران بە هۆی بوونی ڕژیمێکی دژە ژن نە تەنیا ڕێگە بە چالاکانی ئەم بوارە نادەن بەڵکوو بەردەوام مافەکانی ژنان لە لایەن خودی دەسەڵاتەوە پێشێل دەکرێت. بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن بە پێویستمان زانی ئاوڕێک لە دۆخی بزوتنەوەی ژنانی ئێران بە گشتیو ژنانی کورد بە تایبەتی بدەینەوە. کە لەم تەوەرە چوار چالاکی بواری ژنان هەر یەک لە بەرێزان فەریبا محەمەدی، ئیلهام چایچی، ماریا کارگەرو حەلیمە ڕەسوڵی بەشدارن.**

**پرسیار: لە ڕوانگەی ئێوەوە بزوتنەوەی ژنانی ئێران لە چ ئاستێکدایەو تا چ ڕادەیەک توانیویەتی وەک بزاڤێکی ئەکتیڤ لە گۆڕەپانی ئێراندا حزووری هەبێت؟**

**حەلیمە ڕەسوڵی:** یاساکانی کۆماری ئیسلامیو ڕوانگەکانو ڕەفتاری کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە وای کردووە کە زۆربەی ژنانی ئێران بە کوردو لایەنەکانی دیکە لەو سیستەمە نارازی بنو بە پێی دەرفەت دەنگی خۆیان بەرز کەنەوە. بە داخەوە لە ئێراندا هیچ بزوتنەوەیەکی ماف خوازانە بۆی نییە کە ئاشکرا لە گۆرەپانەکەدا حزووری هەبێ، دیارە ئەو دیاردەیە بۆ ژنان لەبەر ئەوەی ژنن بەرچاوتریشە. لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی ئەو نیزامە لە ئێراندا بارووودۆخی ژنان لە ڕووی یاساییەوە بارووودۆخێکی دژوارەو هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕژێمەوە یاساگەلیکی زۆرتوند بە دژی ژنان پەسند کران بۆ نموونە دەتوانم ئاماژە بە حیجابی زۆرە ملێ بکەم کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە. لە نیزامی کۆماری ئیسلامیو ئیدارەی کەلانی سیاسی، قانونی، ئایینی حزووری ژنان یان زۆر کەمەو تەنانەت مافی نییە بۆ هەندێک پۆست خۆشیان کاندید بکەن، بۆ وێنە سەرکۆماری. لە سەریەک لە لایەک ئازادی پێویست نییەو لە لایەکی دیکەش یاساکان بەربەست لە بەردەم چالاکیو حزووری ژنان. لەگەڵ ئەوەی ژنان لە کۆماری ئیسلامیدا مەجالییان پینادرێ بە ئازادی خۆیان سازمان بدەنو داخوازییەکانی سینفی ژنان بێننە گۆڕێ، بەڵام دیسانیش لەو دەرفەتانای کە بۆیان ڕەخساوە نیشانیان داوە کە شعوور تێگەشتنی ژنانی ئێرانو عەقڵییەتی بزووتنەوەکەیان لە ئاستێکی بەرز دایە.

**پرسیار**: تا چەند رێگانەدان بە ژنان بۆ ئەوەی خاوەن رێکخراوو کۆمەڵی سەربەخۆ بن، کاریگەریی نیگەتیڤی لەسەر چالاکیو خەباتی ئەوان بۆ مسۆگەر بوونی مافەکانیان هەبووە؟

**حەلیمە رەسوڵی**: ئەگەر ژنان دەرفەتی ئەوەیان هەبێ کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوی خۆیان دروست بکەن، زۆر ئاساییە کە زەمینەو بەستێنیش دروست دەبێت بۆ ئەوەی فەرهەنگ سازی بکەن بۆ داخوازێەکانیان لە کۆمەڵگادا. ئێران وڵاتێکی بەربەرین و فرە ئایینو فرە نەتەوەیەو ژنانیش بە سەر ئەو فەرە چەشنییەدا دابەش بوونەو هەر بەشە جیاواز لەوەی کە وەک ژن شتی هاوبەشیان هەیە، بێ گومان خوێندنەوەی سیاسی خۆشیان لە داهاتوی ئێران هەیە. بۆیە لە نەبوونی ئازادی سیاسیو کاری بە کۆمەڵو بە یەکەوە پردی پێوەندی ژنانی ئێرانی لە گەڵ یەکتر لاوازەو ئەوەش شوینەواری نێگاتیڤی لە سەر چالاکیو خەباتی هاوبەشی ژنان هەیە.

**پرسیار**: ژنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای لە ئارادابوونی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردو بەشداری ژنان لەم بزوتنەوەیەدا، چەندە توانیویەتی بە قازانجی بزوتنەوەی ژنان هەنگاو هەڵبگرێت؟

**حەلیمە رەسوڵی**: بە گشتی وەزعی ژنانی کوردستان لە نێوخۆی وڵات باشتر لە شوینەکانی تر ی ئێران نییەو لەگەڵ دەیان بەربەست و کێشەی سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕوبڕویە. بەڵام لە هەمان کاتیش داو سەرەڕای کۆمەڵێک گیرو گرفت، ژنان بە شێوازی جۆراو جۆر لە بزوتنەوی میلیو سیاسی کوردستاندا بەشدارنو چالاکییان هەیە. تا ئەو جێگەیەی پێوەندی بە حیزبی دیموکرات هەیە ژنان لە ئاستی ڕیبەری حیزبو ڕیکخراوی یەکیتی ژنانو بوارەکانی دیکەی حیزب وەک ڕاگەیاندن، تەشکیلات، دیپلۆماسیو کۆمەڵایتی لێرەو لە دەرەوەی کوردستان چالاکنو لە ڕادەی توانایی خۆیاندا دەوری بەرچاو دەگێڕن. بۆ ئەوەی ژنانی کوردستان باشتریش بتوانن بە قازانجی ئەو بزووتنەوەیە کار بکەن دەبێ تێبکۆشن کە هەمو ڕێکخراوەکانی ژنان جیاواز لە گرێدراوی حیزبی بە یەکەوە کار بکەنو کۆدەنگی ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێز بکەنو جێی بخەن. بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە وەک یەکیەتی ژنانی دیموکرات هەوڵی خۆمان داوەو لە داهاتوشدا کاری بۆ دەکەین. بە خۆشێوە ئێستا یەکگرتوییەکی باش لە نێوان ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سەر بە حیزبە سیاسیەکانن دروست بووەو لە زۆر بواریشدا هاوکاریو هەماهەنگیمان هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: دەورو رۆڵی حزبو ڕێکخراوە سیاسەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە پرسی ژن چۆن هەڵدەسەنگێن؟

**حەلیمە رەسوڵی**: بێ مافیو پرسی ژن کێشەیەکی لە مێژینەی کۆمەڵایەتیە کە پێویستی بە گۆڕانکاری بەرچاوی فەرهەنگیو قانونیو خێزانی کۆمەڵگای ئێمە هەیە. بێ گومان حیزبەکان دەتوانن هاندەرو دەست پێشخەری ئەو گۆڕانو پڕۆسەیە بن. بە بە خۆشیێوە ماوەی چەند ساڵێکە کە حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پتر لە ڕابردوو گرینگی دەدەن بە پرسی ژنان ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە حیزبەکان تێگەیشتوونو دەرکیان کردووە کە خەبات کردن بە بێ رۆڵو حزووری ژنان کامڵ نابێتو تەواو گەشە ناکات. حیزبەکان دەبێ تێبکۆشن کە فەرهەنگسازی پێویست بکەنو زەمینەی لەبار بۆ کارو چالاکی ژنان برەخسێننو بەو جۆرە ژنو پیاو بێ جیاوازیو هەڵاواردن بە یەکەوە کار بکەن. ژنانیش دەبی پتر مایە لە خۆیان دابنێنو ئەرکو بەرپرسایەتی قەبووڵ بکەن. لە سەر یەک من زۆر گەش بینمو پێم وایە بە هەوڵو تێکۆشانی ژنانو پیاوان بە یەکەوە دەتوانین کۆمەڵگای خۆمان لە پێناو یەکسانی ژنو پیاوادا بگۆڕین.

**تێبینی: ئەم وتووێژە تەنیا ئەم بەشەی پێوەندی بە خاتوو حەلیمە روسووڵی یەوە هەیە بڵاو دەکەینەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٥**



تا ئێستا بۆمان دەرکەوتوە کە ڕێژەیەک لەو ژنانەی کە لە دەسەڵات دان و وەک ژنێکی سەرکەوتووی سیاسی ناویان دەبرێ کەسانێکن کە سیاسەت کردنیان کۆپیی سیاسەتی پیاوانەیە و هیچ چەشنە بۆچوون و زاتی ژنانە لە شێوازی سیاسەت کردنیان دابەدی ناکرێت کە ئەمەش دە بێتە هۆی لاوازیی کاری سیاسیی بەشێک لەو ژنانە. ئەمە لە کاتێک دایە کە ئەوان دەتوانن پێکهاتەی سیاسەت بەرەو خواستەکانی ژنانەی خۆیان بەرن و سیاسەتی نوێ لە پێکهاتەی سیاسی دا دابڕێژنەوە.

کاری سیاسیی فەرمی بریتییە لە پێناسەیەک لەژێر سەردێڕی «لۆژیکی پێکهێنان» بەو واتایە کە لەسیاسەتی فەرمی دا ئامانجی سیاسی ساز دەکرێ. هەر بۆیە ژنان بەسانایی دەتوانن پێکهاتەیەکی داڕێژراوی سیاسی بگۆڕن. ئەوان دەبێ لەنێو حیزبەکانیان دا لە بەرامبەر ئەو لەمپەڕانەی کە بەرگری دەکەن لە بەشداربوونی ژنان لە پڕۆسە سیاسییەکان دا ڕاوەستن و نابێ بێڵن کە لێکدانەوەی هەڵەیان لەسەر بکرێ. زۆر جاران بۆچوونی پیاوانەی ژنان بە نیسبەت خۆیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بیروڕایان لە سیاسەت دا بە هێند وەرنەگیرێ کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری پەروەردە کردنی ژنانێک کە قەبووڵیان کردوە، هەموو کات پاشکۆ بن و نەچنە پانتایی بڕیاردانەوە و بەم جۆرە ژنان لە قۆناغی «دواکەوتوویی پەروەردەیی» دا دەمێنێتەوە و بەردەوام بەرنامەو پڕۆگرامەکانی پیاوان جێبەجێ دەکەن.

**حەلیمە ڕەسووڵی**

---

**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**جووزەردانی ٢٧١٨ی کوردی - جووونی ٢٠١٨ی زایینی**



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ حەلیمە ڕەسووڵی بۆ نووسین و ئامادەکردنی بابەت و نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

